# وزەی تووندوتیژی لە کارمای مرۆڤدا
# ( بە نیگایەکی دەروونناسی)

مەهاباد قەرەداغی

(بەشی دووەم)

**سەرچاوەکانی وزە:**

مرۆڤ حەوت سەرچاوەی هەیە بۆ دانوستانی وزەکان، کە ئەمیش بە پێی سیستەمێکە بە سیستەمی (چەکراکان) ناسراوە. هەر چاکرایەک لەم حەوتەوانەیە پەیوەستە بە بەشێکی جەستەوە و ڕەنگی خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی خۆیشی لە کەسایەتی مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەکات. حەوت چەکراکە ئەمانەن:

**یەکەم:** چەکرای سەر کە (چەکرای تاج)ی پێ دەڵێن، لە تەوقی سەری مرۆڤدایە، ڕەنگەکەی مۆرێکی تۆخە، لە لای هەندێ کەس دەبێتە ڕەنگێکی زیوین. ئەم چەکرایە پەیوەندی دارە بە پەیوەندییە ڕۆحییەکانی مرۆڤەوە، ڕێکخەری ویژدانی مرۆڤە، دەکرێ هەر پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤ و خوودا پەیوەندیدار بەم چەکرایەوە بزانین. ئەم چەکرایە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سیفەتە بنچینەییەکانی کەسایەتی مرۆڤ.

**دووەم:** چەکرای نێوچەوان، لە نێوان هەردوو برۆدایە و چاوی سێیەمیشی پێ دەگوترێت، یان چاوی ناوەوە، ڕەنگەکەی شینی تۆخە. ئەم سەرچاوەی وزەیە پەیوەستە بە نەستی مرۆڤەکانەوە، بۆیە بەهێزبوونی ئەم چاوە وا دەکات مرۆڤەکەی ببێتە خاوەنی بەهرەی سەرووی سروشتی لە پێشبینیکردن و پێشگۆیی کردن.

**سێیەم:** چەکرای گەروو، دەکەوێتە سەر قورگ و لەسەر بۆری هەناسە، ڕەنگەکەی شینی کاڵە. ئەم سەرچاوەی وزەیە پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە. مرۆڤ وەک سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەر مرۆڤێک کە نەیتوانی بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان پەیوەندی بە دەوروبەر و دنیاوە بکات، مانای ئەوەیە ئەم سەرچاوەی وزەیەی سستە وەیاخود وزەی نێگەتیڤ زاڵە بەسەریدا. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤێک شەرمن بوو، بەهۆی شەرمەوە هەمیشە خۆی لە پەراوێزەکاندا هێشتەوە، یان کەسێک تووڕەیە و بەهۆی ئەو سیفەتەیەوە هەمیشە خەڵک خۆی لێ بەدوورەگرێ، ئەو جۆرەیە کە هەڵە لە سەرچاوەی چەکرای گەرووی هەیە و ئەم سەرچاوەی وزەیە ناهاوسەنگی بۆ دروست کردووە لە ڕەفتار و گوفتاریدا.

**چوارەم:** چەکرای دڵ، لە جەستەی مرۆڤدا لە ناوچەی دڵی مرۆڤدایە، ڕەنگەکەشی سەوزی تۆخە. ئەم سەرچاوەی وزەیە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، نەک تەنها عەشق، بەڵکە هەموو جۆرێکی دیکەی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان، لە نێو خێزاندا، خۆشەویستی هاوڕێیەتی و هاومرۆڤێتی و هتد، چونکە لە ڕێگەی ئەم سەرچاوەی وزەیەوە مرۆڤ دەتوانێ هەموو هاومرۆڤی سەر ئەم زەمینەی خۆش بوێت، بە مەرجێ چەکراکەی بەهێز و هاوسەنگ بێت. مرۆڤێکی هاوسەنگ دەتوانێت شەش ملیارد مرۆڤی ئەم زەویەی خۆش بوێ و وزەی پۆزەتیڤیان بۆ بنێرێ و لێوەربگرێت، مرۆڤێکی ناهاوسەنگیش لە خۆیەوە هەست بە دژایەتی هەموو خەڵک دەکات و هەموو خەڵک بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەزانێت، بەمەش بەردەوام ڕق و نائارامی تێدا بەرهەم دێت.

**پێنجەم:** چەکرای ناوپەنچک، لە نێوان دڵ و ناوکدایە، ڕەنگەکەی زەردێکی تۆخە و پەیوەندی دارە بە پێنج هەستەکەی مرۆڤەوە. بەلانسی ئەم چەکرایە دەبێتە هۆی ئەوەی پێنج هەستەکەی مرۆڤ کارا بن و کاریگەری لەسەر کەسایەتی دابنێن. لە مرۆڤە هەستیار و زیرەکەکاندا ئەم سەرچاوەی وزەیە زۆر کارایە.

**شەشەم:** چەكرای ناوک، دەكەوێتە ناوچەی ناوكی مرۆڤ، ڕەنگی پرتەقاڵییە، پەیوەندیدارە بەدوو چالاكی مرۆڤەوە، داهێنانەكان و سێكسوالێتی. مرۆڤە داهێنەرەكان ئەم سەرچاوەی وزەیەیان زۆر چالاكە، لە ڕووی سێكسوالێتیشەوە هاوسەنگییان هەیە. ئەو مرۆڤانەی كە تووشی لادانی سێكسی دەبن، یان ئەو مرۆڤانەی بێ بەهرەن و لە هیچ بوارێكدا داهێنان ناكەن، ئەوانەن كە ئەم چەكرایەیان بە تەواوی لاوازە و لە هەندێ كەسدا بە تەواوی پەكی كەوتووە. هەر یەک لە وزەكانیش ئەگەر هاوسەنگیان تێک بچێت یان بێهێز ببنەوە، دەتوانرێت لە ڕێگەی پێدانی وزە بەو بەشە بێ هێز یان ناهاوسەنگە چارەسەر بكرێت، دیارە ئەمەش بە پرۆسەیەک دەكرێ و لە لایەن كەسانی شارەزا لە بواری وزە و دەروونناسیەوە دەكرێ چارەسەر بكرێت.

**حەوتەم:** چەكرای بنكە، دەكەوێتە سەر یەكەمین كوتكەی بڕبڕەی پشت لە خوارەوە، ڕەنگەكەی سووری تۆخە، بنكەیەكە پەیوەندیدارە بە سەرچاوەكانی دیكەی وزەوە و لە كاتی ناهاوسەنگی لە ئاڵوگۆڕی وزەدا مرۆڤ تووشی دەیان جۆری نەخۆشی دەكات و ئەو نەخۆشییانەش بە دەرمان و مادە كیمیایەكان چاک نابنەوە، تەنها لە ڕێگەی هاوسەنگكردنەوەی چەكراكانەوە مرۆڤ لەو نەخۆشییانە ڕزگار دەكەن.

## بۆچی پێویستە چەكراكانمان بناسین؟

مرۆڤ ئەگەر سەرچاوەكانی وزەی خۆی نەناسێت، نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆح و جەستە و دەروونی خۆیدا بكات. نموونەیەكی زۆر ساكار و ڕۆژانە كە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە سەرئێشە، دڵتێكهەڵهاتن، دڵتەنگی، ئازاری گەدە، ئازاری جومگەكان، خووگرتن و ڕاهاتن بە هەندێ ڕەفتاری نێگەتیڤەوە، یان هەر جۆرێكی دیكەی هەستكردن بە نەخۆشی، ئەمانە بە شێوەیەكی سەرەكی و بە بێ گومان پەیوەندیداران بە ناهاوسەنگی چەكراكانەوە. مرۆڤ دەتوانێت ئەم ئازارانە بە ئیرادە و لە ماوەیەكی كورتدا و لە ڕێگەی هاوسەنگكردنەوەی سەرچاوەكانی وزەوە چارەسەر بكات. نەک هەر ئازارەكانی جەستە، بەڵكو گرفتارییە دەروونییەكانیش پەیوەندیدارن بە چەكراكانەوە، بۆ نموونە كەسێكی گۆشەگیر و دڵتەنگ ناهەوسەنگی لە چەكرای گەرووی هەیە، كەسێكی تەمبەڵ و تەوەزەل هەڵە لە چەكرای ناوكی هەیە، كەسێكی تاوانبار بە هەر جۆرێكی تاوانی وەک درۆ و دزی و فڕۆڵبڕین، هەڵە لە چەكرای سەر (چەكرای تاج)یدا هەیە، كەسێک كە هەمیشە ڕق بەرامبەر ئەوانی دی دەردەبڕێ و قسەیەكی خۆش بە دەمیدا نایەت، هەڵەكە لە چەكرای دڵیەتی، كەسێک كە هەمیشە شان و پیل و ئەژنۆ و جومگەكانی دێشێ، هەڵە لە چەكرای بنكەی هەیە.
بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی دكتۆری خۆی بێت و لە گرفتارییە دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەكان خۆی بپارێزێت، پێویستە سەرچاوەكانی وزەی خۆی بناسێت، چونكە ئەم سەرچاوەی وزانە بڕیاردەرن لە دروستبوونی كەسایەتی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی هەر كەسێكدا و بە شێوەیەكی بازنەییش لە كارمای مرۆڤەكەدا دەسوڕێنەوە و خۆشبەختی یان بەدبەختی دەكەن. هەر پەیوەندیدار بە چەكراكانەوە هەموو مرۆڤێک (ئاورا)ی هەیە و پێویستە ئاوراكانیش بناسین.

## بۆچی پێویستە ئاوراكان بناسین؟

مرۆڤ بە ڕاهێنانی ڕۆحی دەتوانێت چاوی سێیەمی خۆی ئەوەندە بەهێز بكاتەوە كە نادیار ببینێت. چاوی ناوەوەی مرۆڤ كە پەیوەستە بە چەكرای نێوچەوانەوە بۆ بینینی ئاورای مرۆڤەكان ئەو سوودەی هەیە كە دەتوانی لە ڕێگەی بینینی ئەو ئاورایەوە بزانیت ئەو كەسە چ كەسێكە، سروشتی چۆنە، كارمای چۆنە و وزەكانی لە چ ئاستێكدایە.

هەموو مرۆڤێک ئاورای خۆی هەیە، ئاورا بریتییە لەو چینە وزەیەی كە لە دەوروبەری مرۆڤەكەیە و ڕەنگدانەوەی كارمایەتی لە دیوی دەرەوەدا. ڕەنگی ئاوراكان دەتوانێت پیشاندەری ناخی مرۆڤەكان بێت. چەكراكان هەر یەكەیان ڕەنگی خۆیان هەبوو، دان و ستانی ئەم سەرچاوانە لەگەڵ یەكتری و لەگەڵ جیهانی دەرەوەی مرۆڤەكە و هەموو گەردوون دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوراكەشی ڕەنگێک بگرێت، هەر ڕەنگێكیش تەفسیری خۆی هەیە و لە ڕێگەی ئەو ڕەنگانەوە دەتوانی كەسەكە بناسیت. ئەگەر بە ڕاهێنانی ڕۆحی چاوی ناوەوەی خۆت بەهێز بكەیتەوە، دەتوانی ئاورای خۆت لە ئاوێنەدا تەماشا بكەیت و بە پێی ڕەنگی ئەو ئاورایە بزانیت باری تەندروستی دەروونی و جەستەیی و ڕۆحیت لە چ ئاستێكدایە. دەتوانی بەهۆی بینینی ئەو ئاورایەوە كەموكوڕییەكانی جەستە و دەروون و ڕۆحی خۆت ببینیت و هەر لە ڕێگەی هاوسەنگكردنەوەی چاكراكانەوە چارەسەریان بكەیت.

**بە هەمان شێوە ئەگەر ئەو سەرچاوەی وزەیەی خۆتت ئەکتیڤ کردەوە دەتوانی ئاورای کەسەکانی دیکەش ببینیت و بزانی کەسایەتییان چۆنە و دیووی ناوەوەی ئەو مرۆڤانەت بۆ دەردەکەوێت.**

**ئەو تریفەیەی کە لە دەوری مرۆڤدایە و بە چاوی ئاسایی نابینرێت و تەنها بە چاوی ناوەوە (سەرچاوەی وزەی دووەمی مرۆڤ) دەبینرێت، پێی دەگوترێت (ئاورا) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، قەبارەکەشیان جیاوازە و ڕەنگەکانیشیان جیاوازە. مرۆڤی وا هەیە ئاوراکەی لە نێو سانتیمەتر تێناپەڕێت و ڕەنگێکی ناشیرینی هەیە، ئەوانەن کە سیستەمی چاکراکانیان تێک چووە و بە بەردەوامی بەهەڵە ڕەفتاریان لەگەڵ ناخی خۆیان و دەوروبەردا کردووە. مرۆڤە تووندوتیژەکان ئاوراکانیان ڕەشی سادە، یان ڕەشێکی بۆزە. مرۆڤە عاشقەکان ئاورایان کەسکە، دڵنەرم و میهرەبانەکان ئاوراکانیان شینی کاڵی مەیلەوکەسکە، ڕۆحانییەکان ئاوراکانیان زیوین یان زێڕینە، شاعیر و نووسەرە ئاشتیخوازەکانی بواری ئەدەبیات بە زۆری ئاوراکانیان سەوزێکی زەردباوە، ئاورای زاناکان دەتوانێت پرتەقاڵییەکی تێکەڵ بە زێڕین بێت، داناکان ئەو مرۆڤانەن کە ڕەنگی ئاوراکانیان هەموو ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی تێدا دەبینرێت، سەرکردەکانیش هەر یەکەو بە پێی ڕەفتار و بیرکردنەوەیان ئاورایەکیان بۆ دروست دەبێت و دەکرێ بیانبینین.**

**(ماویەتی)**